The Center of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendi Helebce
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

# بەژینۆسایدناسینی ئەنفال سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ گەلی کورد

دەبێ تاوانباران لەشوێنی تاوانەکانیان لە کوردستاندا سزاکەیان بەسەردا جێبەجێ بکرێت

دادگای باڵای تاوانەکان ئەمرۆ بڕیاری کۆتایی خۆی لەسەر جۆری تاوانی شاڵاوەکانی ئەنفال بەگشتی و جۆر و سزای تاوانی تاوانباران بە تایبەتی دەرکرد.
ئەوەی بۆ کەیسی ئەنفال گرنگیەکی قانونی و ستراتیژی هەیە، ئەوەیە دادگا بە راکشاوی دانی بە بوونی تاوانی ژینۆساید نا و شاڵاوەکانی ئەنفالی بە تاوانی ژینۆساید ناوزەدکرد. هەروەها ئاماژە بە بوونی ڕاکشاوی تاوان دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ بە هەمان شێوە کرا.
ئەوە سەرکەوتنێکی مێژوویی گرنگە بۆ هەموو گەلی کوردستان، ئەگەر بزانین ناساندنی تاوان وەکو ژینۆساید هەروا ئاسان نییە. ئەو ناساندنە دووەم ناساندنی بوونی تاوانی ژینۆسایدە کە لە لایەن دادگای ئێراقیەوە دەردەچێت لە داوی دادگای هۆڵاندی. گرنگیەکی واتداری هەیە کە دادگای ئێراق خۆی دان بە بوونی تاوانی ژینۆساید دادەنێت کە ئێراق خۆی بەرامبەر بە گەلی کورد کردوویەتی.
سەبارەت بە تاوانباران دادگا **تاهیر تۆفیق عانی** بە بێتاوان لە تاوانی ئەنفال دانا، کە ئێمە وەکو ناوەندی چاک پێمانوایە تۆمەتبار بێتاوان نییە و بەشداری لە تاوانەکاندا کردووە. بۆیە ڕەخنەی توندمان لەو بڕیارە هەیە.
هەریەک لە تاوانباران **عەلی کیمیاوی** بە تاوانی ژینۆساید، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ تاوانبار کرا و سزای هەڵواسینی بەسەردا سەپێندرا، **سوڵتان هاشم** بە تاوانی ژینۆساید، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ تاوانبارکرا و سزای هەڵواسینی بەسەردا سەپێندرا، **حوسێن ڕەشید محەمەد** بە تاوانی ژینۆساید، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ تاوانبارکرا و سزای هەڵواسینی بەسەردا سەپێندرا، **سابیر عەبدولعەزیز دوری** بە تاوانی ژینۆساید، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ تاوانبارکرا و سزای زیندانی هەمیشەیی بەسەردا سەپێندرا، **فەرحان متلەگ جبوری** بە تاوانی ژینۆساید، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی تاوانبارکرا و سزای زیندانی هەمیشەیی بەسەردا سەپێندرا.

شایانی گوتنە بڕینەوەی توندترین سزا بۆ تاوانبارانی ژینۆسایدی ئەنفال، سزایەکە شایان بەو کەسە تاوانبارانەیە. ئەو سزایە کەمترین دڵنەواییەکە بۆ کەسوکاری سەدان هەزار قوربانی کە نارەوا کیمابارانکران، لە بیابانەکانی خواروو و خوارووی ڕۆژئاوای ئێراق و لە شوێنی دیکە بەکۆمەڵ گولەبارانکران و لە گۆڕی بەکۆمەڵ نران. ئەو سزایە کەمترین دڵنەواییە بۆ ئەو قوربانیانەی لە زیندانەکانی تۆپزاوا، دوبز، نزارکێ، بەسیە، نوگرەسەلمان و هی دیکە گیانیان لەژێر برسیەتی و ئازاردان، لەدەست دا. ئەو سزایە کەمترین دڵنەواییە بۆ هەموو ئەوانەی بەر شاڵاوی گەلکوژانەی ئەنفال کەوتن و بەروەڕووی دڕندانەترین جۆری چەوساندنەوە و ئازاردان بوون، ئەوانەی گەڕانەوە و نائومێد سەریان نایەوە، ئەوانەی ماون بێناز کەوتوون و لەگەڵ ئازارەکانی ژینۆساید شەووڕۆژ دەکەنەوە.

ئێمە وەکو ناوەندی چاک هەروەکو لە زوێکەوە داوای قوربانیانمان بۆ سزادانی تاوانباران لە شوێن تاوانەکانیان بەرزکردۆتەوە، ئێستاش ئەو داواکارییە دووپات دەکەینەوە، دەبێ تاوانباران لەشوێنی تاوانەکانیان لە کوردستان سزاکەیان بەسەردا جێبەجێ بکرێت.
جێگای گرنگی پێدانە دادگا بانگردنی وەفیق سامەڕایی و تاوانبارنی دیکە کە ناویان لە دادگادا هاتووە ئاماژەپێدا و داوای کرد کاری قانونیان لەسەر بکرێت. دیارە ناوەندی چاک لە 06.12.2006 دا سکالای لەسەر وەفیق سامەرایی تۆمار کردووە. ناوەندی چاک لەسەر گەیاندنی هەموو تاوانباران بە تایبەتی جاشەکان بەدادگا بەردەوام لە هەوڵ دایە.

دیارە دادگا بەپێی قانونێکی ناڕەوا سەدام حوسێنی لە تۆمەتەکانی مەڕ کارەساتی ئەنفال داماڵی، کە دەبوایە سەدام حوسێن ئەمڕۆ وەکو یەکەم تاوانبار لە تاوانی گەلکوژی تاوانبار بکرایە و سزای ڕەوای خۆی وەرگرتایە. بەڵام دادگا نەیتوانی بوونی تاوانباریی ئەو لە بڕیاری ژینۆسایدکردنی گەلی کورد بشارێتەوە، بەمجۆرە ڕژێمی بەعس و سەرۆکایەتی ئەو ڕژێمە وەکو چاوگی دەرکردنی بڕیارەکان و بەشداریان لە سەرکردایەتیکردنی تاوانەکەدا بە لاوازی ئاماژەی بۆ کرا.
ئەوەی ناوەندی چاک لەم بڕیارەدا نایبینێت، ئەوەیە کە دەبوایە دادگا ڕاکشاوانە تاوانباریی دەوڵەتی ئێراق وەکو دەوڵەت دیاربکات. ئەوە خۆدزینەوەیە لەو ڕاستییە. بڕیاری دادگا بەداخەوە هەروەکو پێشتر لە چەندین بۆنەدا گوتوومانە، بە ئێراچیەتی و بەرژەوەندی ڕامیاریی تایبەتەوە بارگاوییە ئەوەش ناگونجاوی دادگاکە بۆ کارەساتی ژینۆسایدی گەلی کورد جارێکی دیکە دەسەڵمێنێت.

هەروەها ناوەندی چاک دووپاتی دەکاتەوە، دەبێ دەوڵەتی ئێراق داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات و قەرەبووی هەموو قوربانیان لە هەموو لایەنێکەوە بکاتەوە.

پیرۆزبایی لە گشت قوربانیان دەکەین کە تاوانباران سزای رەوای خۆیان وەرگرت
قوربانیان لە یادمانن و لەگەڵ ئازارەکانی ئەواندا دەژین، دەبێ ژینۆسایدی ئەنفال بکرێتە بەردەباز بۆ سەربەخۆیی یەکجاریی گەلی کوردستان.

**ناوەندی چاک**
24.06.2007